ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

## گەمەی خەیاڵ



**ڕێبین حەسەن**

سات لەدوات سات
بەهێمنی دڵم دەبەی بۆ هەوارێ.
لەپاش هەر نیگا کردنێک،
بەجێی دەهێڵی یادگارێ،
یادگارو هیوای مەستاوم
پڕە لە کۆشکی داڕووخان.
ئەو دەمانەی لێت دەڕوانم،
شەرمێک روخسام دادەگرێ.
کاتێک دەستت پێنووس دەگرێ،
دەبێ ئاخۆ چی بنووسی؟!
تۆ بڵێی بوێری وەک من
دێڕێک سۆزتم بۆ بنووسی!!
من بزانم تۆ کچێکی ،
بەناز ڕۆژگار بەرێ دەکەی،
چونکە دەمێکە شەیدات بووم ،
لەڕوانینم زۆر دەترسی،
من نامەوێت گەمەی خەیاڵ
بتکاتە کۆیلەی ئازادی،
سەرانسەری ڕازەکانت
هەرەس بهێنێ بەشادی،
تۆش وەکو هەر مرۆڤێکی
خاوەنی بیروڕای خۆتی،
کەوایە بۆچی دەهێڵی
فریوت با نامورادی؟!

rebinhassan@yahoo.com

# هانا شێخولئیسلامی : ژن و هونەر دووانەن



**پ : بەڕێز هانا خان سوپاست دەکەین کە بە هەموو سەرقاڵیتەوە ئەو کاتەت بۆ وتووێژ دەگەڵ ڕۆژی گەل تەرخان کرد ، هەر بۆیە ئەگەر بکرێت پێمان خۆشە خوێنەرانمان توی شێوەکاری لێهاتوو لە زمانی خۆتەوە بناسن ؟**

و : ئەمن " هانا شەیخولئیسلامی کوردستان " لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم .

**پ : هانا خان لە خوێندنەواریدا هەتا چەند خۆت وەزەحمەت خستووە ؟**

و : خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم هەر لە شاری زێدی باب و باپیرانم واتە سنە بووە و ساڵی ١٩٩٢ لە زانکۆی " سووڕە "ی تاران لە کۆلیژی هونەردا وەرگیرام و ساڵی ١٩٩٧ بوو کە بەکالۆریۆسم لە هونەری (شێوەکاریدا ) وەرگرت، هەروەها بۆ درێژە بە خوێندنم هەر لەو بوارەدا ساڵی ٢٠٠٤ لە بەشی گرافیک لە زانکۆی ڕاسەری زانستگەی " بیلەفیلد " لە ئەلمانیا وەرگیرام و هەنووکە خوێندکاری مەستەری شێوەکاریم.

**پ : ئێستا بێجگە لە خوێندن بە چ کارێکی دیکەوە خەریکی ؟**

و : ئەمن لێرە هەم دەخوێنم و هەمیش لە پاڵ خوێندنەکەمەوە بە ئیشی پەرەستاریەوە خەریکم و تێدەکۆشم لە هەموو دەرفەتەکانی ژیانم بە باشترین شێوە کەڵک وەربگرم .

بەردەوامم لە خوێندن و توێژینەوە لە بابەت خواستەکانی هونەریم و دەمەوێت هەرچەندە بکرێت نەهێڵم کاتم بەفیڕۆ بچێت.

**پ : ئایا ئەو تابلۆیانەش کە کێشاونەتەوە هیچ هەوڵت داوە پیشانگایەکیشیان بۆ بکەیتەوە؟**

و : بەڵێ ، دەبێ هەر هونەرمەندێک پیشانگە بۆ کارەکانی خۆی بکاتەوە تاکو بیرۆکەی جەماوەر سەبارەت بە تابلۆکان و فکری ئەو هونەرمەندە ئاشکرابێت .

لە ئێران مانگەکانی ٦و٧ی ٢٠٠١ لە پیشانگای ئازادی، مانگی ٤ی ٢٠٠٢ لە پیشانگای تەرحورەنگ، مانگەکانی ١و٢ی ٢٠٠٣ لە پیشانگای دەریابەیگی، مانگی ٦ی ٢٠٠٣ لە پیشانگای جیهان نەما لە ئەنتیکەخانەی نیاوەران کە دیارە هەموو ئەم پیشانگایانە لە تاران بەڕێوەچوون، تابلۆکانم خستە بەر دیدەی خوازیارانی هونەر .

**پ : ئەی لە ئەڵمان ؟**

و : لە ئەڵمانیش مانگی ١٢ی ٢٠٠٥ لە پیشانگای لەمپینگ، مانگی ٣ی ٢٠٠٦ دووبارە لە هەمان پیشانگا کە لە شاری نیشتەجێبوونم واتە بیلەفیلد بەڕێوەچوون پیشانگام کردەوە.

هەروەها لە مانگەکانی ٦و٧و١٢ی ٢٠٠٦ هەشت ڕۆژ لە پیشانگای لەمپینگ بەسەرکەوتوویەوە توانیم تابلۆکانم بخەمە بەر دیدەی هەموان و لەلایەن میوانانەوە پێشوازیەکی زۆری لێکرا. لە مانگەکانی ٤و٧و٨ی ٢٠٠٧دا لە پیشانگای ڕۆمپەدا تابلۆکانم بووە هۆی ئەوە کە دواتر لە لایەن زانکۆکەمەوە خەڵاتی فەرهەنگی تایبەتیان بۆ ڕێزنان لە کارە بێبڕاوە هونەریەکانم پێشکەش کردم.

**پ: ڕوانگەی خەڵکی ئەڵمان بۆ هونەری شێوەکاری چۆنە؟**

و: لە ئەوروپا بە گشتی زۆر گرینگی دەدرێت بە ئەو هونەرانەی کە دەست دەیخوڵقێنیت ، هەر بۆیە هەم لە رویی ئابوورییەوە و هەمیش لە ڕوویی مەعنەوییەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەر لە مێژەوە پێدراوە، ئەڵمان بە تایبەتی یەکێکە لەو وڵاتانەی کە مێژوویەکی دوورودرێژی سەبارەت بە پەرەپێدانی هەموو بووارەکانی هونەر هەیە.

**پ : هانا خان بە کارەکانت وادیارە زۆر گرینگی بە تێکەڵ کردنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و هونەری شێوەکاری دەدەی ؟**

و : ڕێک بەو جۆرەیە، چونکە هونەر دەبێ ئاوێتەی ژیان بێت، هونەر خۆی بەشێکە لە ژیان، چۆن ناتوانێ ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەم سەردەمە بێت!

**پ : ڕۆڵی ئافرەتان لەم بوارەی هونەردا چۆن دەبینی ؟**

و : ئافرەت و هونەر دوانەیەکن کە "تەواوکەری"ی یەکن و داوام لە ئافرەتانی کوردستان ئەوەیە بۆ پەرەپێدانی هەستی هونەریان، خۆیان کۆسپەکان ببڕن و توانایی خۆیان بە هەموان بنوێنن، چونکە ئەم هونەرە پێویستی بە هەستی ناسکە و ئافرەت هەمیشە خاوەنی ئەو هەستە مرۆڤایەتییەیە

**پ : هانا خان کاری نوێت چی بەدەستەوە هەیە ؟**

و : تابلۆیەکە دەربارەی ئەو جینایەتە گەورەیەی کە هەرگیز لە یادی مرۆڤ ناشۆردێتەوە و ئەو کۆمەڵکوژیەی کە بەڵگەی ژینۆسایدمانە. تابلۆیەکە بۆ هەڵەبجەی ئازیز کە هەردەم لەیادمانە .

**پ : هانا خان سوپاست دەکەین کە ئەم دەرفەتەت ڕەخساند، چی ترت هەیە؟**

و : ئەمنیش سوپاسی ڕۆژی گەل و ماندوو نەبوونیتان دەکەم و هەر بژین .

# نارینی سترانبێژ سەردانی باشووری کوردستان دەکات



سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەندی سترانبێژی دەنگخۆش **نارین فەقێ** بە هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل**ی ڕاگەیاند کە نارین بۆ ڤێستڤاڵی جگەرخوێن بانگهێشت کراوەو بڕیاروایە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١١ بگاتە شاری هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان.

جێگەی ئاماژەیە کە ڤێستڤاڵی شاعیری ناوداری گەلەکان جگەرخوێن ڕۆژی ١٢ی شوبات لە هەولێر دەست پێدەکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەیان کەسایەتی کوردستانی لەناوەوەو دەرەوە بۆ بەشداریکردن بانگهێشت کراون کە نارین فەقێی سترانبێژ یەکێکە لەوان.

**نارین** لە شاری دێرەکی نزیک شاری قامیشلۆ لە دایک بووە، ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ بنەماڵەکەیان چۆتە وڵاتی سویدو لەوێ گیرساوەتەوە، ئێستا ڕەگەزنامەی سویدی وەرگرتووە، بەڵام بە گیان لە کوردستان دایەو لەگەڵ خەم و ئازارەکانی گەلەکەیدا دەژی.

بۆ پێکهێنانی دوایین ئەلبوومی خۆی کە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ ئامادە کراوە، ماوەیەک سەردانی سوریای کردبوو، بەگوێرەی زانیاریەکان نارین هەوڵی داوە لەم ئەلبوومەدا بە هەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی بستری، زۆربەی گۆرانیەکانیشی لە شاری دیمەشق کلیپ کردووە.

نارین لەسەر دەستی جودی باوکیەوە فێری هونەری گۆرانی گوتن بووە، ئەو هونەرەی بە میرات بۆ ماوەتەوە، بەڵام بۆ خۆی لە ساڵی ٢٠٠٥ بە گۆرانی "نالینەک تێ گوهێ من" کە لە هۆنراوەی جگەرخوێنی نەمرە ناسرا ، دواتریش لە گۆرانی "سێڤێ" دا ناوبانگی دەکرد.

نارین دەچێتە هەولێرو بەشداری لە ڤێستڤاڵی جگەرخوێن دا دەکات، بەڵام نازاندرێ کە ئایا لە شارەکانی دیکە کۆنسێرت و ئاهەنگی تایبەت ساز دەکات، یان نا؟! ئایا کوردستانیان لێی پەسند دەکەن بەبێ ئاهەنگ بگەڕێتەوە؟!!

# ژن و مێردێک پاش ٦٠ ساڵ دابڕان بەیەکتر شاد دەبنەوە







ئەم ژن و پیاوە بە ڕەچەڵەک خەڵکی وڵاتی روسیان و چیرۆکی لە یەک دابڕانیان بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە بوریس پاش سێ ڕۆژ لە ئاهەنگی بووک گواستنەوەی لەگەڵ ئانا کوژلۆف بە مەبەستی بەشداری کردن لەشەر دەچێتە ریزی لەشکری سوور و ئانا بەجێ دەهێڵت.

کاتێک بوریس بۆ ماڵ گەڕاوە، ئانا ماڵەکەی بەجێ هێشتبوو و لەبەر سیاسەتی ئەستالین، ئانا و بنەماڵەکەی بۆ ناوچەکانی تر ڕاگوێزرابوون و بوریس هیچ ناونیشانێکی لە ئانا نەبوو.

ئێستا پاش ٦٠ ساڵ موعجیزەیەک ڕوویدا و ئەم ژن و مێردە بەیەک شاد بنەوە و لە یەک ڕۆژدا سەردانی ئەو گوندە بکەن کە ٦٠ساڵ پێش ئیستا ژیانیان تێدا دەکرد.

ئانا دەڵێت:"من پێم وابوو چاوەکانم هەڵە دەکات. پیاوێکی پیر بۆلام دەهات، بەڵام بۆم ئاشنا بوو، لەوکاتەدا تەنیا پێم کرا سەیری بکەم و دڵم بەتوندی لێیدەدا، دەمزانی بوریسە و تەنیا دەگریام."

بوریس کە ئێستا تەمەنی ٨٠ ساڵە بۆ سەردانی گۆڕی باوک و دایکی چووبووە گوندەکەیان، کاتێک لە ئۆتۆمبیلەکەی دادەبەزێ، ئانا لەلای خانووە کۆنەکەی خۆیان دەبینێ. ئانا دەڵێت: "لەبەر ئەوەی هیچ هەواڵێک لە بوریس نەبوو، دایکم بە زۆر منی بەمێرددا، بەڵام من ڕازی نەبووم و دایکم هەموو وێنەو نامەکانی بوریسی دڕاند و بە زۆر بە مێردی دام و دەیوت: "تاکو ئێستا بوریس ژنی هێناوە."

بوریس پاش چەند ساڵ گەڕان لەشوێن ناونیشانی ئانا، هەوڵەکەی بێ ئاکام دەمێنێ و بۆ جاری دووەم ژن دەهێنێ، لەو کاتەدا کتێبێک سەبارەت بە ژنێک کە تەنیا سێ ڕۆژ لەگەڵیدا ژیانی کردووە و هەرگیز نەیبینیووە دەنووسێ.

جێگەی ئاماژەیە ئەم بەیەک گەیشتنەوەی ئانا و بوریس لەکاتێکدایە کە هاوسەری هەردووکیان لە ژیاندا نەماون.

# ژوانگە

## ژیانی دەروێشی

ئێستا دەنگێک لەبەرانبەر دەنگە ناڕازی و ڕەخنەگرەکاندا بە نوزەوە دەیەوێ پاساوی سامان کۆکردنەوەی هەندێ بەرپرس بەوە بداتەوە کە ئیدی سەردەمی دەروێشی کۆتابووە، ئەو دەنگە پێمان دەڵێ: "ناکرێ سەرکردەکانمان وەکو جاران دەروێشانە بژین!! خۆ سەرکردەکانی ئێمە هیچیان لە میرو شاکانی وڵاتانی عەرەبی کەمتر نیە، بۆ ئەوان شایانە دەژین و گەلەکانیشیان گلەییان لێناکەن و ڕەخنەیان لێناگرن!"

ڕاستە بەشێک لەوانەی کە ئەمڕۆ بەرپرسیارێتی حزبی و حکومیان هەیە چالاکانە بەشداریان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا کردووەو ڕۆڵی بەرچاویشیان هەبووە، بەڵام خۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناو وەدەستهێنان و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان دا نەبوو؟! ڕاستە ئەوانەی کە ڕاستگۆیانە تێکۆشاون، سەرەڕۆییان بە گیانی خۆیان کردووەو ئامادەبوونە لەپێناو ڕزگاری گەل و نیشتمانەکەیان دا خوێنی خۆیان بڕێژن، ئێستا شیاوی ئەوەن کە سەربەرزانە بژین و بژێوێکی باشیان بۆ دابین بکرێ، بەڵام نەگوتراوە کۆمپانیاو ڤێللاو ڕەزو باخ لەسەر ئێسک و پروسکی هاوڕێ شەهیدەکانیان بنیات بنێن؟!! نەگوتراوە لەسەر خەبات و ماندووبوونی کوردستانیان ڕەوسەی دۆلاورو دینار دروست بکەن، وەک ئەوانەی کە سەرچاوەکانی هەواڵ لێرەو لەوێ باسی لێوە دەکەن!

ئەگەر بەرپرس و سەرکردەی واشمان هەبێ کە بیەوێ کرێی ساڵانی خەبات و تێکۆشانی خۆی وەربگرێتەوە، من لەگەڵ ئەوەدام کە هەرچی دەخوازێ بۆی دابین بکرێ، بەڵام بەو مەرجەی جارێکی دیکە خەبات و تێکۆشان و ماندووبوونمان بەسەردا نەفرۆشێتەوە.

ئەگەر ژیانی دەروێشیش کۆتا بووبێ، با سەرکردەکانی ئێمەش وەکو سەرۆک و سەرکردەکانی وڵاتانی دیکە بژین. لە هەندێ وڵات دا مووچەی مانگانەی سەرکۆمار ٩٠٠ دۆلارە، بەڵام لە وڵاتی سووتێنراوی ئێمەدا کۆنە موستەشار و کۆنە بەعسی و کەسانی سەرما نەدیووی ئەوتۆ هەن کە مووچەکەیان لە ٣٠٠٠ دۆلار تێپەڕ دەکات، زێدەماف و زەوی و کۆمەک و ڕێزگرتنەکەشی لەولاوە بوەستێ.

ئەمڕۆ نەک هەر چاک و خراپ، تێکۆشەرو جاش، ماندوونەناس و حەساوە تێکەڵاو کراون، بەڵکو بە ئاشکرا سیاسەتی هاوێرکاری لەنێوان دەستەمۆو خاوەن هەڵوێست دا بەڕێوە دەبرێ، ئەوانەی ئەگەر تێکۆشەری عەیار ٢٤یش بووبن و مەیلداریان بۆ دەستەڵات نەبێ و ڕەخنە لە گەندەڵەیەکانیان بگرن، نەک هەناسەدانیان پێڕەوا نابیندرێ، بەڵکو تەنیا مافی مەرگ و مردنیان دەبێ. ئەوانەی ئەگەر دەیان ڕۆڵەی کوردیشیان ڕادەستی دوژمن کردبێ و بە ڕۆژی ڕووناک بۆ داگیرکەران لاوانی کوردستانیان ڕاو کردبێ، بەڵام ئەگەر لاگیری لەدەستەڵات بکەن و چەپڵەیان بۆ لێبدەن، ئیدی پۆست و پلەیان پێدەدرێ و ژیانی شاهانەیان بۆ دابین دەکرێ.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە دوو ڕێ لەبەردەم سەرکردەکانمان دا هەیە، یان دەستگرتن بە پێناسەی تێکۆشەری و خۆ جیا نەکردنەوەیان لە خەڵک، یان فڕێدانی پێناسەی شۆڕشگێڕی و سەرپشککردنی سەروەت و سامان!

**ڕێکار ئەحمەد**

rekarahmed@hotmail.com
www.rekar.org

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com